# پێم بڵێ تۆ چۆن لە بیر دەکرێی .. شالاو

پێم بڵێ تۆچۆن لەبیر دەکرێی تۆلە دڵ ولەخوێندای
باوەڕمەکــە تۆم لەبیر چێ هەمیشە لە سەرلــێودای

گــەرنازانی لێم بپرسە تۆم لــە کوێی دڵ داناوە
تۆ نەک هەر لەنێو دڵمدای شوێنت گلێنەو چــاوە

پاش ئەوەی فێری نازت بووم ئێستا بێ تۆهــەڵناکەم
وەکوشێتێک هەردەگەڕیم بە دوای ئەم عیشقە پاکــەم

ئێستاش دڵم لە دووری تۆ دێوانــــەی ئەم شارەیە
تازە چارەم بە کەس ناکرێ دەردی دڵ بێ چارەیە

کەسێک نایێ لێم بپرسێ پێم بڵێ تۆ چۆنی گیانە
بۆچی جــارێ لێم ناپرسی بــۆ کێیە ئەم گریانە

تازە دونیا بێ تۆ چۆلــــە هەموو کەسیشم لابێ
باوەڕ مەکەن ئەودڵەی من هەرگیز شادی تیا بێ

ڕۆژێکم بێ تۆ بەسەر برد وام دەزانی نەژیــاوم
وەکودرەختی پایز بووم هەستم دەکــرد سووتاوم

ئێترنەکەی لێر بڕۆی ئێرە چۆڵ کەیت بەجــارێ
هەمووشوێنێکم لاچۆڵە دەستم ناگرێ هیچ کارێ